


کەمن هاتم مێیەک نەبوو
بە چامە ئەوەلییەکانی پایز شاد بێ و
بە دیار ئاوێنە ڕوخۆشەکانی خاکەوە دۆش بمێنێ !
کە من هاتم کەس نەما بوو
وەک دایکێ لە هیجری ئەولاد
لەخەم
کراسێ لە بەر درەختە ڕووتەکان کا و بلێ
نوور کوا بەشی داپۆشینی
زەردەخەنەی گوڵێک دەکا و
هەتاو کوانێ ، بە نازی شەونم ڕادەگا و
ئاو کوا بەشی مەلەی ماسیی دەکا و
بەرد کوا بەشی
بێ دەنگی کێوەکان دەکا ؟
ئەی تۆ پایز ، پایزت کوا ،
کەی بەو هەموو هەڵوەرینەت دەگا ؟
کەی وەک مریەم
گەڵا بەسەر خوێنتا دەڕژن ؟
کەی پارچە شکاوەکانی
ئاوێنەی خاک
دەنێنەوە کۆشت ؟
کەی لە عیشق و

سروودەکانی ئازادیت دەپێچنەوە ؟
کەی بە خۆ ڕاوەشاندنێ لەئاگر ،
لە سەوزایی هەرمێکانت دەدەنەوە ؟!
بلێ پایز کەنگێ
کەنگێ
سێوەکانت دەکەنەوە
بە هێلانەی تەیرە پەنجە و
دارەکانت
کەی لەخەونی با دێننەوە ؟
ئەی کەنگێ پایزە یار ، کەنگێ
پەروانەت لە دەشتەکانی نووشتە
لە بڕوا ، با دادەنەوە و
شتاقیان دەگەڕێنەوە !
کەنگێ پایزە یار ، کەنگێ
بلێ کەنگێ ،
ووتن
خێری زەمانێکە لە گوڵ
ووتن
عیشقە لەتەک چۆلەکەکان
فەسڵە ، بە نووسینی چامەکانی مەحاڵ !
وای لە مەحاڵ
کە بەیانیان وەک عینە مەلێکی هەتیوو
فڕین ڕەنگم بە غوباری غووربەت دەبا
خۆم لە ژێر باڵی مەخلووقێکی پایزەدا
دەبینمەوە و
لە گوێ بانی ڕەنگەکانی ئەودا ،
ڕەنگم هەڵدەخەم و
لە سێوەری عەسرە زەردەکانی ئەودا
لە ڕیحانە سپییەکانی عیشق بە ئاژەن دێم !
وەک هەناری تازە بەرێ
لە هەرێمی ستیانێکی گوڵ گوڵ دا ،
لە خاکی مێ
فڕین لە مەحشەری باڵندەکان دەچنمەوە
گڕە گەڵا و خەنە گەڵای لەززەت

لە بن بەژنی کەنیشکە کەڵەگەتەکان دەچنمەوە و
بە ئەسپایی وەک پەروانە بە گوڵ بڵێ
دەڵێم دوێنێم لە ئەمڕۆمدا بتەکێنن
ئەمڕۆم بە ئاوی سبەیەکدا بەن و بڕۆن
وەکوو ئاگر ، لەگەمەکانی سووتانم فێر کەن
وەکوو ئاو لەگەمەکانی خنکان
وەک باڵندە لەگەمەکانی فڕین و
وەکوو باران لەگەمەکانی بارانم فێر کەن
عەینەمەلێکی هەتیوم ، ڕەنگ هێناومی !
دەقی چامەیەکم ، قەڵەمێکی یاخی هاوردومی !
داڵدەم بەن یارانی پایز
حەوانەوەم لە کن ئێوە
داڵدەی نیشتیمانێکە لە هەنجیر !
حەوانەوەم لە کن ئێوە
داڵدەی نیشتیمانێکە لەهەنار !
حەوانەوەم لە کن ئێوە
داڵدەی نیشتیمانێکە لە مەمک !
داڵدەم بەن یارانی پایز
حەوانەوەم لە کن ئێوە
حەوانەوەی ئاسمانێکە لە فڕین و
حەوانەوەی ئاگرێکە لە دۆزەخ و
حەوانەوەی ئاوە لە ئاو !
داڵدەم بەن یارانی پایز
میوان دۆست بن ، پایز دۆستان
پایز دۆستان ، میوان دۆست بن
هانام بە هاناتان
بەم هەموو قولاپی شیعر و
بەم هەموو قەوزەی هەنسک و
بەم هەموو حوزنە ئاڵەوە
کەپڕیەتی
لەبرینی دارەبەن و
لە برینی بەفر و
کە پڕیەتی
لە برینی شیعر و

لەبرینی ڕەنگی ، دایک ڕەنگی ، ڕەنگی دۆڕاو !
داڵدەم بەن یارانی پایز
منیش لە (عوشاق) ی گەڵاتانم !
منیش لە دێڕی ئێوارە کزەتانم !
بە وەنیە ڕەنگ و شکڵم لە گەڵایەک ناچێ و
بۆنی کزە و بۆنی ئێوارەیەک لەهەناسەم نایە
نانا منیش
مەخلووقێکم لە زوڵمی بای ئاین
لە دوکەڵی
حیکایەتە پوواوەکان کەوتمە ئێرە
بەفری ناسکە مەغریبێکی (گوڵعومەر) م و
لەتاو شمشێری گۆرانییەکانی هاوین کەوتمە ئێرە
لە تاو پێچاننەوەی بووخچەکانی عیشق و
لەتاو زینە بەچاڵکردنی سێوەکانی مێ کەوتمە ئێرە !
لەتاو هەلاهەلابوونی وواڵت
لەتاو دانیشتنەکانی جەلاد و قۆشمە و عاشق بە یەکەوە
لەتاو بریسکەی ئاوێنەکانی ناشیرینی
لەتاو کەڵەشێرەکانی ڕەنگ و
ڕێوییەکانی ناو سیاسەت کەوتمە ئێرە !!
ئەوێ زەمان هزرم وابوو
مەخلووقی بێ نیشتیمان و عیشق
قەرتاڵەی میوە نەدیو و
هێلانەی بێ چۆلەکە و
ڕێگای بێ گووزەرە یاران !
ئەوێ زەمان هزرم وابوو
سەری بێستان ، بەشەمامەوە جێی سوێنێ دەگرێ و
ئاو لە چنگی قولێ گیادا
دەگا بە حونجەکانی زێبایی !
ئەوێ زەمان
دەمگووت
ئاخەر (کەنەسمە) کێ لەدەنگی حاڵی دەبێ ؟
ڕەنگێ نەبێ کەدەڕژێتە
جامی خۆشەویستی دەس مناڵان !
ڕەنگم بەنێ یاران ڕەنگم بەنێ

لەوێ
زەمانەوە هەتا ئێستە
باران ڕەنگم لێ دەچنێت و
حووزن قاپی دەنگم کلۆم دەدا !
لەوێ
زەمانەوە هەتا ئێستە هەڵدەلەرزم
پشکۆیەک تووڕدەنە کونوی جەستەمەوە
وەک دوژمنی زمسانێ بم
زووقم پرزەی لێ بڕیوم !
بمگەنێ یاران بمگەنێ
هەنووکە مەخلوقێکی تەڕ
ئادەمێکی بە شێ ،
نسرمێکی تاریکەڵەم !
هەنووکە زێوانێکی رووت
ڕاڕەوێکی بە چۆڵ ،
وەک ئەوەی هاوین دوژمنم بێ
ئاگرێکی سەرما بردەم !
داڵدەم بەن یارانی پایز
با لە خوێندنەوەی فڕین و
لەبارینی باران ،
لەگەمەی کلۆ بەورەکان هەڵچمەوە !
باجارێتر مەرەکەبم ، پڕبێتەوە لە سەوزایی
جێ پێکانم پڕببنەوە لە ئاگر و
پڕ ببنەوە لە شەونم و
پڕببنەوە لەبازی کەروێشکی عەیار !
لەگەڵمابن هەتا پڕدەبمەوە لە جریوە و
لەسرتە و لە چپەی گەڵا !
لە گەڵمابن هەتا پڕدەبمەوە
لەهەمسی خونچەی تاریک و
لە لەشی ڕووتی لاولاوی پەنجەرەکان
لە ژووانی پەروانە زێبا
لەچڕینی لاوکی دەم کچە ڕەزان !
لەگەڵمابن تادەبمەوە
بە فانۆسی بەرهەیوانی هزری ڕۆشن !

بە عاشقی کۆڵوانە لە کۆڵی وولات !
بەئێوارەی پەڕەسێلکە و
بە گردۆڵکەی لای شەهید و
تادەبمەوە بە تینووبونێکی مێخۆش
بەدووی ئێوارە پەمەییەکانی عیشقا !
لەگەڵمابن ، لەگەڵما بن
منیش مەخلووقێکم ، لەجنسی پەپوولە و ئاو
منیش مەخلووقێکم ، لە جنسی پایزە ئینسان
پڕم لە ڕۆشنایی ، ئەو چرایانەی بە بووکی دوکەڵ دەچن !
پڕم لەو شیعرانەی ، بە دەشتی خلیسکانی مێ دەچن !
پڕم لە غەزەبی ، ئەو دایکانەی بە کوانوی خۆڵەمێش دەچن !
پڕم و پڕم لەو جوانیانەی ،
هەر لە عیشقی ، تاقانە عیشقی خوا دەچن !
لەگەڵما بن تا حەوانەوەم گوڵ دەگرێ و
هەتا بە ئیمانی وولات دەگەمەوە
ئای لە وولات
چەن شەکەتی نیشتیمانم
تەمنێکە لە هیجری ئەو چۆن دەسوتێم
مەگەر هەر خوا بەگەرمایی ، ئەم دۆزەخەی من بزانێ
دەنا کێ ، کێ
باخچەکانی وەبەر پەلاماری ئاگر دەنێ و
قەیاغی خۆی لە (کاترینا) ی ئاگر دەنێ ؟!
بڵێن کێ ، کێ ؟ بڵێن کێ ، کێ ؟

پایزی2005/ ئەڵمانیا